## نووسینەکانی مەریوان هەڵەبجەیی ڕۆحی کەڵەپیاوانی وەک مەولاناخالیدو مەولەوی و نالیشی هەژاند. ... سیروان هەڵەبجەیی

من وەك سیروان هەڵەبجەیی خۆم بە نووسەر نازانم، ئەوەی هانی دام کە ئەم چەند دێرە نووسینە عەرزی جەنابتان بکەم، زیاتر نووسینە بوغزاوییەکانی چەپەکان بوو لە داکۆکی کردن لە مەریوان، وەك مام جەلال تاڵەبانی وتبووی (ئەم کۆمەنیستانە وەك کودەری وان، کە دەچێتە ئاو کورت دەبێتەوە، ئەمانیش تا بێت کەم دەکەن یان یەك قابلەمە یاپراخ بەشی هەموویان دەکات) ئەزانن نفوزی جەماوەرییان تا بێت پەرتەوازەو لاواز دەبێت، شوێنکەوتوانیان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و فکرو بەرنامەیان نامۆیە بە کۆمەڵگای کوردی و ئەگەر هەڵقولاوی ناخی کۆمەڵگا بوایەن ئێستا جەماوەریان تا دەهات بەروپێش دەڕۆشت، هەر جارێك لە ڕێگەی بەزمێکەوە ئەیانەوێت بناسرێن بە نەوەی نوێ، بۆیە ئەمجارەیان مەریوانیان هەڵبژارد، جا با بێینە سەر مەوزوعەکە کە ئەویش مەریوان هەڵەبجەیییە، ئەوەی مەریوان و ناخی باش بناسێت، زەرەیەك بەرگری لێناکات، چونکە هێرشی نارەوای کردۆتە سەر ئاینی زۆرینەی گەلی کوردو ناخ و شعوری ئەو گەلەی هەژاندووە، ئەو مرۆڤە تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندوەو، شارەزایی لە زمانی عەرەبی نییە، هەرچەند زمانی عەرەبی یان هەر زمانێکی تری دەرەوەی زمانی دایك نەزانێت، بە مانای شورەیی و نەنگی نیە، بەڵام مرۆڤێك کە شارەزایی لە زمانی قورئان نەبێت چۆن ئاوا کوێرانە بەرد دەهاوێت، وەك یەکێك لە نزیکەکانی باسی کرد، وتی مەریوان شێت و واوەیللای خاریجە، بۆ ئەوە وادەکات تا بەڵکو بێتە دەرەوە بۆ ئەوەی مافی پەنابەریی وەرگرێت بە هۆی نوسیینە بوغزاوییەکانی، چۆن باوەڕ بە نووسینەکانی بکەین، لە کاتێکدا بۆ مانای ئایەتێك دەڕوات پرسیار لەم و لەو دەکات، وەك چەند جارێك پرسیاری لە نوسەری هەڵەبجەیی هاوژین مەلا ئەمین کردبوو، بۆ ئەوەی پێناسەی ئایەتێکی بۆ بکات، من تێناگەم لە مەریوان ئەم هەموو پاشا گەردانییەی کەلە کوردستان هەیەو وەك نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بۆ زمانی لاڵەو توانای دەربڕینی نیە لە سەر ئەم هەموو کێشەو گرفتانە بێتە ولام، کەچی دێت پەلاماری مەزنترین پەیامبەرانی خودا دەدات بە گشتی و پەیامبەری ئیسلام بە تایبەتی، کە خۆشەویستی ئەو زاتە ناخی هەموو موسوڵمانێکی گرتووە، چۆن خەڵك بێ دەنگ دەبێت لە سەر ئەم نووسینەی، هەرچەند تورە ِیی جەماوەر تایبەت نیە تەنها بە لایەنێك، یان واپیشانی بدەن تەنها ئیسلامییەکان موسوڵمانن لە کوردستان، بەڵکو جەماوەری کوردستان بە هەموو پێکهاتەو چین و توێژەکانییەوە هەر لە (مامۆستا و قوتابی تاوەکو دەروێش و سۆفی و خوێندەوارو نەخوێندەوار) دژی نووسینەکەی مەریوانن بەڵام دژ بەو مانایە نا کە پەنا بۆ هێزو کرداری توندو تیژی برن، بەڵکە ئەبێت تەنها چەکێك بەکاری بێنن ئەویش یاساو دادگایە لە دژی ناوبراو، ئەوەی شەهادەی هێنابێت بە بوونی پێغەمبەر چ علمانی بێت یان ئیسلامی کتێبەکەی مەریوان ناخی هەژادندووە، ، چونکە یاسای وڵات ڕێگە بە هیچ مرۆڤێك نادات کارێك بکرێت دژی زۆرینەی بیروباوەری گەل بێت، تەنانەت ڕۆحی پیرۆزی مەولاناخالید و شاهی نەقشبەندو مەولەوی و هەموو کەڵەنوسەرانی مێژوی ئیسلامی هەژاندوە، بەڵام بە نووسینی تەرزە بەناو نوسەرانێکی لەم جۆرە، خۆشەویستی پێغەمبەر زیاتر پەرەدەسێنێت،

ئەم تەرزە چەپانە نارەزایی و خۆپیشاندانی جەماوەرو تورەیی خەڵکیان پێ ستەمە، بە پێچەوانەی یاسای ئەبینن، بەلام خۆیان ئازادن و ماف بە خۆیان دەدەن کە چۆن وشەگەلێکی قێزنەوەن بەکار بهێنن دژی هەست و نەستی گەلێکی موسوڵمان، ئەم جۆرە نووسینانە وەك کەللە دان وایە لە چیای بەرزی کوردستان، چونکە تۆزقاڵێك مەعریفە لە نووسینەکانی بەدی ناکرێت، تەنها درۆی بوغزاوی نەبێت، کە هیچ رێزو قیەمێك بۆ ناخی تاکەکانی میللەتەکەمان ناهێڵێنەوە.